# المعجم واللغة الشعرية لنالي في معجم الباحثين الكرد

بيستون رحيم محمد
Bestunrahim272@gmail.com
قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة جرمو – إقليم كردستان – العراق
أ.د. مهدي فاتح عمر
Mahdi.omer@univsul.edu.iq
قسم إدارة البيئة، كلية العلوم البيئية/شاربازير، جامعة السليمانية – إقليم كردستان – العراق

**الكلمات المفتاحية**: نالي، المعجم، لغة الشعر، النهضة الفكرية

**كيفية اقتباس البحث**

محمد , بيستون رحيم , مهدي فاتح عمر , المعجم واللغة الشعرية لنالي في معجم الباحثين الكرد,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

# The Lexicon and Poetic Language of Nali in the perspective of Kurdish Scholars

**Bestun Rahim Muhammad**
Bestunrahim272@gmail.com
**Department of Kurdish Language, College of Education, Charmo University – Kurdistan Region – Iraq**

**Prof.Dr. Mahdi Fatih Omer**
Mahdi.omer@univsul.edu.iq
**Department of Environmental Management, College of Environmental Sciences / Sharbazher, University of Sulaimani – Kurdistan Region – Iraq**

**Keywords** : Nali, Lexicon, poetic language, intellectualism

**How To Cite This Article**
Muhammad , Bestun Rahim , Mahdi Fatih Omer , The Lexicon and Poetic Language of Nali in the perspective of Kurdish Scholars ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

This study examines the lexicon and Poetic Language of Nali within the context of Kurdish scholarship. It is an attempt to explore the relationship between lexicography and poetry in general, and Nali's poetry in particular. The intricate and dense language characteristic of Nali's poetry, as the founder and pioneer of classical Kurdish school (Southern

Kurmanji)-necessitates a deep analytical engagement with his text ; this significance motivated the selection of this research topic.
Despite existing scholarship on Nali's poetry, there remains a vast dimension of his language and poetic lexion that has not yet been fully explored. The aim of this study is to reveal and uncover some general and specific aspects of Kurdish lexicographical history and the interplay between vocabulary and poetic expression. To achieve this, the study employs a descriptive – analytical method.
A key objective of this research is to address whether Nali's poetic word endowed Kurdish. Intellectualism with a specific lexical repertoire, and to determine his role in the evolution of Kudish poetic language.furthermore, it investigates the extent to which Nali's poetic influence is reflected in the works of subsequent poets. This research begins with a summary in three languages (Kurdish, Arabic, English). In addition to the introduction and list of sources, it consists of two main parts .In the second topic we have referred to the history of our Kurdish culture, and in the third topic we have presented the relationship between culture and poetry. In the second part, we have discussed the culture and language of Nali's poetry in a practical way. The part is divided into three topics:In the first topic, he discusses Nali's poetry in his book Dictionary of Nali by Marf Khaznadar. In the second topic, he discusses Nali's poetry in his book Dictionary of Classical Poets.
In the third topic, he explained the cultural role of Nali's poetry in the development of Kurdish culture.

**الملخص**

يختص هذا البحث بـ(المعجم واللغة الشعرية لنالي في ثقافة الباحثين الكرد)، وهو محاولة للكشف عن العلاقة بين المعجم والشعر عامة، وشعر نالي خاصة. إن اللغة الدقيقة والمكثفة الخاصة بشعر نالي، يوعد مؤسسا ورائدا للشعر الكلاسيكي الكردي – الكرمانجي الجنوبي، تفرض علينا التعمق أكثر في نصوصه الشعرية، وكان ذلك سبب اختيار عنوان هذا البحث .
على الرغم من الأعمال التي أنجزت حول شعر نالي، لكن مازال هناك مساحة واسعة في لغة ومعجم شعره لم تسلط عليها الأضواء بعد. ويهدف هذا البحث إلى إبراز وكشف بعض الجوانب العامة والخاصة من تاريخ المعجم الكردية، والعلاقة بين المعجم والشعر عموما، والمعجم الشعرية لنالي خصوصا. وقد اعتمدنا في هذا البحث على (المنهج الوصفي التحليلي).

ومن النقاط المهمة في هذا البحث الوصول إلى إجابة عن السؤال: هل قدم العالم الشعري لنالي معجما لفظية للنهضة الفكرية الكردية؟ وما دوره في اللغة الشعرية الكردية وإلى أي مدى انعكس تأثير شعر نالي على الشعراء بعده. يبدأ هذا البحث بملخص بثلاث لغات (الكردية والعربية والإنجليزية). إلى جانب المقدمة وقائمة المصادر، يتألف البحث من جزأين رئيسيين. في الجزء الثاني، تناولنا تاريخ ثقافتنا الكردية، وفي الجزء الثالث، عرضنا العلاقة بين الثقافة والشعر. في الجزء الثاني، ناقشنا ثقافة ولغة شعر نالي بشكل عملي. وينقسم هذا الجزء إلى ثلاثة محاور: في المحور الأول، تناولنا شعر نالي في كتابه "قاموس نالي" لمرف خزنادار. وفي المحور الثاني، تناولنا شعر نالي في كتابه "قاموس الشعراء الكلاسيكيين". وفي المحور الثالث، شرحنا الدور الثقافي لشعر نالي في تطور الثقافة الكردية.

## فەرهەنگ و زمانی شیعری نالی لە فەرهەنگی لێکۆڵەرانی کورددا

بێستون رحیم محمد
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو- هەرێمی کوردستان- عێراق
Bestunrahim272@gmail.com
پ.د. مەهدی فاتیح عومەر
بەشی بەڕێوەبردنی ژینگە، کۆلێژی زانستە ژینگەییەکان/شارباژێر، زانکۆی سلێمانی- هەرێمی کوردستان – عێراق
Mahdi.omer@univsul.edu.iq

### پوختە

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە (فەرهەنگ و زمانی شیعری نالی لە فەرهەنگی لێکۆڵەرانی کورد)دا، هەوڵێکە بۆ ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان فەرهەنگ و شیعر بە گشتی و شیعری نالی بە تایبەتی. زمانی ورد و چڕی تایبەتی شیعری نالی وەک دامەزرێنەر و ڕابەری شیعری کلاسیکی کوردی – کرمانجی خواروو، ناچارمان دەکات زیاتر لە دەقە شیعرییەکانی بدوێین، هەر ئەمەش بووەتە هۆکاری هەڵبژاردنی ناو نیشانی توێژینەوەکە.
ئەگەر چی کار لەسەر شیعری نالی کراوە، بەڵام هێشتا مەودای فراوان لە زمان و فەرهەنگی شیعری نالیدا هەیە کە ڕووناکی نەخراوەتە سەر، ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستن و ئاشکراکردنی هەندێک لایەنی گشتی و تایبەتە لە مێژووی فەرهەنگی کوردی و پەیوەندی نێوان فەرهەنگ و شیعر بەگشتی و فەرهەنگی شیعری نالی بە تایبەتی، لە توێژینەوەدا کارمان بە (میتۆدی وەسفی شیکاری) کردووە.
خاڵێکی گرنگی ئەم توێژینەوەیە گەیشتنە بە وەڵامی ئەو پرسیارەی، کە ئایا جیهانی شیعری نالی چ فەرهەنگێکی وشەیی بە ڕۆشنبیری کوردی بەخشیوە و ڕۆڵی چیبووە لەسەر زمانی شیعری کوردی؟ تا چ ڕادەیەک کاریگەری شیعری نالی لەسەر شاعیرانی دوایی خۆی ڕەنگی داوەتەوە.

کلیلە وشە: (نالی، فەرهەنگ، زمانی شیعر، ڕۆشنبیری)

**پێشەکی:**

نالی یەکێکە لەو شاعیرانەی ناو ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی کرمانجی خواروو، کە دونیابینییەکی فراوانی هەیە و خاوەنی فەرهەنگێکی شیعری دەوڵەمەندە و هەرئەمەش بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە توانی گۆڕانکارییەکی گەورە بکات و شۆڕشێکی ئەدەبی ڕۆشنبیری وەها بەرپابکات کە هزری ئەدەبیاتی کوردی بەرەو نوێبوونەوە و داهێنان بەرێت.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (فەرهەنگ و زمانی شیعری نالی لە فەرهەنگی لێکۆڵەرانی کوردا) بە گشتی هەوڵێکە بۆ پیشندانی پەیوەندی نێوان فەرهەنگ و شیعر .

**سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی شیعرە کوردیەکانی نالییە، لە هەر دوو کتێبی (فەرهەنگی نالی)ی، (مارف خەزنەدار) و (فەرهەنگی شاعیرانی کلاسیک)ی، (د.محەمەد نوری عارف)دا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا بەکاریدەهێنین (وەسفی شیکاری)یە.

**گرفتی توێژینەوەکە:**

لەبەرئەوەی توێژینەوەکەی ئێمە پەیوەندی بە فەرهەنگ و شیعرەوە هەیە، بۆیە تووشی چەند گرفتێک دەبین لەوانە: دۆزینەوەی گرنگی و ماهیەتی ئەو فەرهەنگە شیعرییەی کە نالی بە ئەدەبیات و ڕۆشنبیری کوردی بەخشیوە، هەروەها نەبوونی سەرچاوەی پێویستی پەیوەندیدار بە بابەتەکەی ئێمەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە سەرەتا بە پوختەکەیەک بە هەرسێ زمانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) دەست پێدەکات، جگە لە پێشەکی و لیستی سەرچاوەکان لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا، زیاتر جەختمان لەسەر لایەنی تیۆری توێژینەوەکە کردووە و بەسەر سێ تەوەردا دابەشمان کردووە، لە تەوەری یەکەمدا فەرهەنگ و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنیمان خستۆتە ڕوو، لە تەوەری دووەمدا ئاماژەمانکردووە بە مێژووی فەرهەنگی کوردیمان، لە تەوەری سێیەمیشدا پەیوەندی نێوان فەرهەنگ و شیعرمان خستۆتە ڕوو. لە بەشی دووەمدا بەشێوەیەکی پراکتیکی فەر هەنگ و زمانی شیعری نالیمان باسکردووە، بەشەکە بەسەر سێ تەوەردا دابەش بووە، لە تەوەری یەکەمدا شیعری نالی لە کتێبی (فەرهەنگی نالی)ی، (مارف خەزنەدار)دا باسکردووە، لە تەوەری دووەمدا شیعری نالی لە کتێبی (فەرهەنگی شاعیرانی کلاسیکدا)ی، (د.محەمەد نوری عارف)دا، خستۆتە ڕوو، لە تەوەری سێیەمیشدا ڕۆڵی فەرهەنگی شیعری نالی لە پێشخستنی ڕۆشنبیری کوردی دا ڕوونکردۆتەوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دەستنیشانکردنی فەرهەنگ وزمانی شیعری نالییە لە شیعرەکاندا، بە ئامانجی نیشاندانی ئەزموونی شاعیر و پێگەی لە شیعری کوردیدا.

بەشی یەکەم: فەرهەنگ و شیعر

تەوەری یەکەم - فەرهەنگ و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی

**١-١/١-١چەمک و پێناسەی فەرهەنگ :**

لە زمانی کوردییدا بەرامبەر زاراوەی فەرهەنگ چەند زاراوەیەکی تر بەکارهێنراون وەک ( قامووس، فەرهەنگۆک، وشەنامە)، فەرهەنگ لە (زمانی عەرەبیدا واتای "المعجم"، لە زمانی ئینگلیزیشدا (Lexicon) دەگەیەنێت.)(ئەسوەد،٢٠١٥، ١٣)، لەناو زمانەوانان دا پێناسەی جۆراوجۆر بۆ فەرهەنگ کراوە ، هەرزمانەوانێک لەڕوانگەیەکەوە پێناسەی کردووە.

(فەرهەنگ وەک تۆمارێک و گەنجینەیەک وایە، کە وشە و زاراوەکانی زمان دەپارێزێت، ئەو سەرچاوەیە، کە وشەکانی زمانێکی دیاری کراوی تێدا تۆمار کراوە)(خۆشناو ، ٢٠١٦ ، ٨٥)، فەرهەنگ تەنها کۆمەڵە وشەیەک نییە، بەڵکو مێژووی بەکارهێنانی وشەکان و گۆڕانکاریەکانیان بەپێی کات و پەیوەندیان بە کەلتوور و بەهاکانی کۆمەڵگاوە دەپارێزێت، بە واتا ئامرازێک نییە بۆ دۆزینەوەی واتای وشەکان، بەڵکو بەشێکی جیانەکراوەیە لە پاراستنی ناسنامەی کەلتوری و زمانەوانی نەتەوەیەک بەڵگەنامەکردنی پەرەسەندنی فیکری و کۆمەڵایەتی کردنی کۆمەڵگاکە.

(فەرهەنگ ئەو پەرتوکەیە وشەی تێدا تۆمارکراوە هەروەها لێکدانەوەی واتای وشەکان و زانیاری دەربارەی وشەکە و چۆنێتی نووسین و پەیدابوونیان بۆ کراوە )(عمر - صابر ،٢٠١٧، ١٤٦)

لێرەدا وەکوو سیستەمێکی ڕێکخراو سەیر دەکرێت، کە چەند ئەرکێک دەبینێت وەک: دۆکۆمێنتکردنی وشەکان، ڕوونکردنەوەی واتای وشەکان، واتە پەیوەندی واتایی نێوان وشەکان دیاریدەکات، کە ئەمە دەچێتە ناو بابەتی واتاناسیەوە، مەبەست لە زانیاری دەربارەی وشەکە لایەنی (ئیتمۆلۆژییە) ڕەچەڵەکی وشەکان و پەیدابوونیان کە بەشێکە لە مێژووی زمان.

یان (ئەو تۆمارەیە کە سەرجەم وشەکانی تێدا تۆمار دەکرێت بەمەبەستی پاراستنی لە فەوتان و لەناوچوون، ئەو وشانەی کە لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێن نوسراو، نەنوسراو، گوتراو، نەگوتراو دەگرێتەوە. هۆکارێکە بۆ کۆکردنەوەی وشەکانی زمان، کە دەیانناسێنێت و هەندێکجار شرۆڤەیان بۆ دەکات)(عبداللە ، ٢٠١٨، ٤١٦)، بە گشتی فەرهەنگی زمانێک بریتیە لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان دەربارەی وشە و گوزارشتە زمانییەکانی ئەو زمانە. (بەکۆی دانەکانی فەرهەنگ دەوترێت زمان بەڵام بەکۆی دانەکانی زمان ناوترێت فەرهەنگ، چونکە زمان فراوانترە لە فەرهەنگ)(عبداللە،٢٠٠٧، ٩ )، کەواتە فەرهەنگ بەشێکە لە زمان بەڵام بەشێکی گرنگ و پڕ بایەخە، بە تێکڕای وشەکانی زمان دەوترێت فەرهەنگی گشتی زمان. بەم پێیە فەرهەنگی کوردی لیستی وشە تۆمارکراوەکانە، بەشێکی هەر زمانێک تەواوکەری ڕێزمانەکەیەتی.

هەژارموکریانی دەربڕینێکی کوردیانەی جوانی بۆ فەرهەنگ داناوە بەوەی کە دەستەواژەی (وشەدانی بەرامبەر فەرهەنگ بەکار هێناوە.)(شرف کندی، ١٣٦٩، ٩)

دەتوانیین بڵێین ئەم دەربرینە گونجاوە، چونکە بە شوێنی هەڵگرتنی وشەی داناوە، بۆ نموونە لە کوردیدا وشەکانی (شەکردان- مۆمدان – فیشەکدان - کلدان،..) بەکاردێت، کەواتە فەرهەنگیش شوێنی هەڵگرتنی وشەیە، بێگومان وشە هەڵدەگیرێت بۆ ئەوەی لە لە ناوچوون بپارێزرێت.

لە کاری فەرهەنگنووسیندا هەر وەک هەموو کارێکی زانستی کۆمەڵێک بنەما هەیە دەبێت ڕەچاو بکرێت، ئەو بنەمایانەش ئەو دەستور و یاسایانەیە کە فەرهەنگساز دەبێت لە کارەکەیدا پشتی پێ ببەستێت و لەسەری بڕوات، ئەوانیش بریتین لە (پێشەکی فەرهەنگ، دەروازەکانی فەرهەنگ، ڕیزکردن و ڕێکخستنی دەروازەکان، زانیارییە سەرەکیەکانی ناو فەرهەنگ، ئامراز و دیاردەکانی ناو فەرهەنگ، پاشکۆکان )(طاهر،٢٠١٩، ٥٣٩)، هەر یەک لەئەو بنەمایانەش خاوەنی تایبەتمەندی خۆ یانن. فەرهەنگی هەمووزمانێک بریتییە لە (فەرهەنگی بنەڕەتی، زاراوە دروستکردن، وەرگرتن- دراوسێ و جیهانی.)(حسێن ، ٢٠١٠، ١٩).

هەرچەندە فەرهەنگ ئەرکی گەلێک زۆرە، بەڵام ئەرکی سەرەکی فەرهەنگ یارمەتیدان و ناساندنی وشەیە بە کەسانێک کە شارەزایی تەواویان دەربارەی وشەکە نییە، فەرهەنگ تەنها بۆ زانایان و شارەزایانی زمان دانانرێت، بەڵکوو بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵ دادەنرێت، بۆ ئەوەی هەر کەسێک مانای وشەیەک نەزانێت بتوانێت لەو فەرهەنگەدا بیدۆزێتەوە، واتە وەک گەنجینەیەکی زانیاری وایە بۆ وشەکان.

فەرهەنگ دەبێت ئامانجێکی زانستی هەبێت واتە (هەوڵبدات بۆ بنیاتنانی تیۆرێکی زانستی ئاوەزی (عەقڵ) ی مرۆیی لەپاڵ بەکارهێنانی زمانەکەیدا، لەبەر ئەوەی بنیاتنانی تیۆرێک بۆ توانست و جێگیری زمان، بەشێکە لە پرۆسەی بنیاتنانی تیۆرێکی زانستی گشتی بۆ هەموو توانستەکانی ئاوەز(عەقڵ) ی مرۆیی)(طاهر، ٢٠١٩، ٥٤٠).

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە لە ڕێگەی شارەزایی و فراوانبوونی توانایی مرۆڤ لەفەرهەنگدا یارمەتیدەرێکی باشە بۆ کۆی بوارەکانی تری ئاوەزی مرۆڤ، بەڵگەی ئەوەیە کە شارەزابوون لە زمان، جا زمانی نەتەوەیی بێت یان چەند زمانێکی تری بیانی، ئەوەندە یارمەتیمان دەدات بۆ فراوانبوونی بیرکردنەوە و چۆنێتی ئەنجامدانی داهێنان وگۆڕانکاری.

بێگومان لێرەوە دەتوانیین لە ڕێگەی فەرهەنگی زمانەوە کار لەسەر ئەدەبیش بکەین وەک بەشێک لە توانستی ئاوەزی مرۆڤ، چونکە دەوڵەمەندبوون لە فەرهەنگدا بە واتای دەوڵەمەندبوون لە وشەکانی زمان دێت و لەوێشەوە دەچێتەوە خانەی زمانی شیعر.

### ١-١/١-٢- ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ :

زمان هۆکارێکە بۆ دەربڕینی بیر و گوزارشتکردن لە دیاردە و شتەکانی دەوروبەرمان، بۆیە بە پێی گۆڕانی هەریەک لەمانە زمانیش گۆڕانکاری بەسەردادێت و هەر کاتێک (بیرێکی نوێ یان شتێکی نوێ دێتە بواری ژیانەوە، لە بەکارخستنی پێویستی بەناوانان هەیە، کە لە ڕێگەی پرۆسەیەکەوە

وشەیەک یان دەستەواژەیەکی بۆ دادەنرێت و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ، هاتنە ناوەوەی هەر وشەیەکیش بۆ ناو فەرهەنگ، ڕێگەی تایبەتی هەیە لە وانەش: دارشتن، لێکدان، وەرگرتن، تێکەڵکردن، داهێنان، دووبارەکردنەوە،...)(حمد، ٢٠١٤، ٨٠)

**١- دارشتن:** یەکێکە لە پڕ بەرهەمترین ڕێگاکانی دروستکردنی وشەی نوێ لە زماندا، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە دەروازەیەکی فراوان لە بەردەم قسەکەری زماندا دەکاتەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانێت وشەی نوێ بۆ بیر و شتە نوێکان دابڕێژێت. هەندێجار دوای تێپەڕبوونی کاتیش دەکرێت سود لە کەرەستە کۆنەکانی زمان وەربگیرێت، زمان ڕێگە بەوە دەدات ئەمەش لە پێناوی پاراستنی لە وشەی بێگانە و بە خاوێن هێشتنەوەی خۆی.

**٢- لێکدان:** لێکدانی وشەکان و دروستکردنی وشەی نوێ لە ڕووی ڕوخسار و واتاوە کردەیەکی گشتیە و دەتوانین بڵێین لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا ڕوودەدات، لەم ڕێگەیەدا لە ئەنجامی یەکگرتنی دوو مۆرفێمە سەربەخۆ یان زیاتر دروستدەبێت، کە هەندێکجار بە یارمەتی مۆرفیمێکی بەستەرەوە دەبێت وەک (شاخەسور، بەردەزەرد،...) یان بەبێ هیچ مۆرفیمێکی بەستەرەوە لە یەکدەدرێن وەک (چاوکاڵ ، گەردنبلور،...)ئەم ڕێگایە بە وردبوونەوە لە فەرهەنگدا دەردەکەوێت کە ڕێگەیەکی چالاکە لە دارشتنی وشەی نوێدا.

**٣- وەرگرتن:** یەکێکیترە لە ڕێگاکانی هاتنە ناوەوی وشە بۆ ناو فەرهەنگ، زمان بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی خۆی لە وشە پڕبکاتەوە هەموو کاتێک ناتوانێت ئەو پێداویستییەی لەناوخۆی زمانەکەخۆیدا پڕبکاتەوە، بۆیە لە زمانەکانی ترەوە وشە هاوردە دەکات کە پێیدەگوترێت وەرگرتن.

فەرهەنگی زمانی کوردی لەم ڕووەوە وشەی زۆری تێدادەبینرێت، کە زمانەکەمانی دەوڵەمەندکردووە و بوون بە بەشێک لە وشەکانی زمانی کوردی و لە فەرهەنگیشدا تۆمارکراون، وە بەپێچەوانەشەوە وشەشی بەخشیوە بە زمانەکانیتر چونکە (وەرگرتنی وشە دیاردەیەکی زمانە و لە هەموو زمانێکدا ڕوودەدات، هەموو زمانێک وشە وەردەگرێت و وشەش دەبەخشێت، هیچ زمانێک نییە سودی لە زمانی تر وەرنەگرتبێت و تەنیا بە وشە بنچینەییەکانی خۆی پێداویستییەکانی پڕ بکاتەوە.)(عبدالله، ٢٠٢٢ ، ١١).

ئەگەر زمانی کوردی وەک هەموو زمانە زیندووەکانی تری جیهان وشەی وەرگرتبێت ئەوا بە هەمان شێوە وشەشی لێ وەرگیراوە و چۆتە ناو فەرهەنگی زمانەکانی ترەوە.

وەرگرتن دەشێت لە ڕێگەی زمانە هاوخێزانەکانەوە بێت وەکو زمانی کوردی لە (فارسی و بەلوجی و زمانە هیندۆ ئەوروپییەکانی تر) یان لە ڕێگەی زمانە جیاوازەکانەوە بێت وەکو (تورکی و عەرەبی،..). زۆر جار بە هەمان فۆرم و گۆکردنەوە وەردەگیرێت، بەڵام هەندێک جاریش وشەکان لە ڕووی دەنگسازییەوە لەگەڵ زمانە وەرگرەکەدا دەگونجێنرێت و کەمێک گۆڕانکاری بەسەردادێت. وەک (تەلەفۆن، ڕەمەزان،...)

**٤-تێکەڵکردن:** بریتی یە لە تێکەڵکردنی دوو وشە یان دوو مۆرفیمی فەرهەنگی، وشە بەم ڕێگایە وەکو پرۆسەی لێکدان دروستدەبێت، تەنیا جیاوازیان لەوەدایە کە بەشێک لەو مۆرفێمانە لە تێکەڵکردندا لادەبرێن (دەکرتێن)، وەک: (زانکۆ زان، لە زانین+ کۆ، لە کۆکردنەوە.)
یەکێک لەمەبەستە سەرەکیەکان بریتیە لە ئابوریکردن لە زماندا.

**٥- داهێنان:** دروست کردن و داهێنانی وشەیەک لە نەبوونەوە یەکێکە لە پرۆسەکانی وشەڕۆنان، بریتییە لە داهێنان و دۆزینەوەی وشە و دەربڕاوی تەواو نوێ و تازە، دەگمەنترین ڕێگە و سەرچاوەیەکی وشەی نوێیە، کە بریتیە لە داهێنان.
جۆرێکی تری داهێنان لە سەردەستی نوسەران و شاعیران دەبێت، لەڕێگەی دەستپێشخەریەکەوە
وشەی نوێ دادەهێنێت، دواتر ئەو وشەیە دەبێتە دانەیەک لە زمان و لە ناو فەرهەنگی ئەو زمانەدا تۆماردەکرێت، بێگومان ئەو وشە تازانەی زمان لە ناو ئەدەبیشدا ڕۆڵیان پێدەدرێت و دەبنە کەرەستەیەکی تازە لە زماندا، کە دەروازەیەکی فراوانتر لەبەردەم قسەکەری زماندا دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانێت وشەی نوێ بۆ بیر و شتە نوێیەکان دابڕێژێت، دروستکردنی وشەی نوێ لە ڕووی ڕوخسار و واتاوە کردەیەکی گشتییە و دەتوانیین بڵێین لە زۆربەی زمانەکاندا ڕوو دەدات، زمانی کوردیش بەدەر نییە لەو گۆڕانکاریانە .

**تەوەری دووەم - مێژووی فەرهەنگی کوردی:**
ئەگەر سەرنج بدەین لە مێژووی فەرهەنگ و فەرهەنگنووسی کوریدا دەبینین مێژوویەکی کۆنی نییە، بەڵکوو سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگی (نۆبارا بچووکان ) ی (ئەحمەدی خانی)یە، کە ئەم فەرهەنگە لە ساڵی ١٦٨٢ز لەلایەن ئەحمەدی خانییەوە نوسراوە .(حاجی مارف، ١٩٨٧، ٧)
فەرهەنگێکی (کوردی، زاراوەی کرمانجی سەروو - عەرەبی ) بووە، دواتر فەرهەنگی(ئەحمەدی دێت کە شێخ مەعروفی نۆدێ لە ساڵی ١٧٩٥ نوسیویەتی و ساڵی ١٩٣٦دا دوو جار چاپکراوە بەهەمان شێوە وشەی (عەرەبی- کوردی) تیا بەکار هاتووە .(ئەحمەد،٢٠١٨، ٦١٦)
گرنگی ئەم دوو فەرهەنگە لەوەدایە کە هەر دووکیان بە شێوەی شیعرە، لایەنی فێربوون و پەروەردەیی تیا ڕەچاو کراوە، چونکە هەردووکیان بۆ منداڵ نوسراون، ئەمەش وا دەکات کە زووتر کاریگەری هەبێت و کار بکاتە سەر خوێنەر.
یەکەم فەرهەنگی (کوردی- کوردی ) فەرهەنگی خاڵە لە نوسینی شێخ محەمەدی خاڵ.
بۆیە دەبینین هەتاوەکوو ساڵی ١٩٦٠، و هەتا نووسینی (فەرهەنگی خاڵ)، فەرهەنگی (کوردی- کوردی )مان نییە، لە دوای ئەو چەندین فەرهەنگ نوسراون لەوانە:
١- فەرهەنگی وەهبی و ئەدمۆنز، (کوردی ناوەندی- ئینگلیزی)، تۆفیق وەهبی و ئەدمۆنز، ١٩٦٦.
٢- فەرهەنگی مەردۆخ: کوردی ناوەندی بۆ کوردی، فارسی عەرەبی. (شێخ محمد مەردۆخ)، ١٣٤٩.

٣- فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە (کوردی- کوردی ناو ەندی- فارسی)، عبدالرحمن شرفکندی، ١٩٩٠.
٤- فەرهەنگی کوردستان (کوردی – کوردی)، گیو موکریانی، ١٩٩٩.
٥- فەرهەنگی شیرین (کوردی – عەرەبی)، فاضل نظام الدین، ٢٠٠٠.
٦- فەرهەنگی شێخانی (کوردی- کوردی ناوەند)، عەبدولوەهاب شێخانی،٢٠٠٩.
٧- فەرهەنگی میدیا (کوردی- کوردی)، د.ئاورەحمانی حاجی مارف،٢٠١١ .
٨- فەرهەنگی کاوە (فارسی- کوردی)، عەبدوڵڵا ئیبراهیم، ٢٠١٢ .
٩- فەرهەنگی شیعرەکانی سالم، ئاڤان میرزا تۆفیق، ٢٠١٣.
١٠- فەرهەنگی یاریدەدەر (کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی)، فوئادی تاهیر صادق،٢٠٢٠ .
١١- فەرهەنگی پیران (زاراوەی تەسەوف)، بوشرا کەسنەزانی /د. سەباح بەرزنجی، ٢٠٢٤ .

**تەوەری سێیەم- پەیوەندی نێوان فەرهەنگ و شیعر:**

کاتێک باس لەپەیوەندی نێوان فەرهەنگ و شیعر دەکەین، ڕاستەوخۆ دەچینەوە سەر باسی زمان و لە ناو زمانیشدا زمانی شیعری، چونکە لە پێناسەکەوە بۆمان دەرکەوت کە فەرهەنگ بەشێکە لە زمان و هەمیشە زمان و شیعر یەکتر تەواو دەکەن و کاریگەری و پەیوەندی پتەو لە نێوانیاندا هەیە، چونکە لەپاڵ هەموو بنەماکانی تری شیعردا زمان دەبێتە دەربڕی سەرەکی، (زمانی شیعری هەر شاعیرێک لە فەرهەنگ و ئیستاتیکە هونەریەکان پێکهاتووە، شاعیر لە میانەی زمانی شیعریەوە دەنگی تایبەت بە خۆی پەیدادەکات، ئەزموونی شیعریش هەر لەو ڕێگەیەوە نەشو نما دەکات.)(کریم ، عمر ، ٢٠٠٨، ٩-١١).

زمان کەرەستەی سەرەتایی شیعرە و دیاردەیەکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوە و شیعریەتی پێ دەهۆنرێتەوە، بۆیە ئەگەر شاعیر بیەوێت دەقێکی شیعری پوخت و پر لە داهێنان بەرهەم بهێنێت پێویستە ڕۆڵێکی گرنگ و چالاک بدات بە وشە لە ناو زماندا، چونکە شیعر تەنها وشە ڕیزکردن ناگەیەنێت بەڵکوو (شیعر هونەرێکە شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە بە شێوازێکی ڕێک و تەکنیکی و مامەڵەکردنێکی هونەریانە لە پانتایی فەرهەنگی زماندا دەستەبەری دەکات .)(مەحموود، ٢٠٠٩ ،١٥).

لەلایەکی ترەوە هەندێکجار شیعر دەبێتە فریادڕەسی زمان، دەبێتە هۆی زیندووکردنەوەی زمان و
نوێکردنەوەی، بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لە نێوانیاندا هەیە.

(بەشێک لە گەشەکردنی زمان لە هەناوی گەشەکردنی شیعردا ڕوویان داوە، بۆیە گەشەکردنی زمان پەیوەندییەکی پتەوی بە گەشەکرنی شیعرەوەهەیە.) (سدیق، ٢٠١٧، ١٣٧)، زمانی شیعر جیاواز و ئاڵۆزە چونکە هەریەک لە (کات، شوێن، یاسا ڕێزمانییەکان، یاساکانی واتاسازی، ڕێنووس.) ناتوانن سنوری بۆ بکێشن و لە دەسەڵاتی کەم بکەنەوە، لەپاڵ ئەو پەیوەندییە توند و تۆڵەی نێوان شیعر و زماندا، بەڵام شیعر وابەستە نابێت پێوەی و یاسا ڕێزمانییەکان تێک دەشکێن، هەرچەندە لە ڕووی وشەوە خزمەتی زمان دەکات، بەشێکی زۆری ئەو وشانەی لە

شيعرا بەکاردێت دواجار دەچێتە ناو فەرهەنگەوە. هەندێک جار زمانی شیعری دەبێتە مەترسی بۆ سەر زمانی باوی ئەو سەردەمە و گۆڕانکاری تێدا ئەنجام دەدات، چونکە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئەندامانی کۆمەڵگە و زوو دەچەسپێت و شوێنی خۆی دەگرێت.

**بەشی دووەم: فەرهەنگی شیعری نالی:**

کاتێک باس لەفەرهەنگی شیعری نالی دەکەین ، دەبێت بزانیین کە نالی خۆی هەڵنەستاوە بەدانانی فەرهەنگ بۆ شیعرەکانی، لە ناوئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا کارێکی لەو شێوەیە بەر چاو ناکەوێت. بەڵام شێرکۆ بێکەس لە زۆربەی دیوانە شیعریەکانیدا لە پەراوێزی لاپەڕەکاندا واتای فەرهەنگی وشەکانی ڕوونکردۆتەوە، بەنموونە لە (گۆڕستانی چراکان) دا دەڵێت:

***بەو جریوەو جوکەو نەغمانەوە***

***بەو گراگرو گژەگژەی ژانانەوە ئەڕۆم***

***کە لە بێشەی لەشمەوە دێنەدەرێ***

***بە چکچکەی ئەودڵۆپەرزیوینانەوە.....***

***(بێکەس، ٢٠٠٤، ١٠)***

هەر لە پەراوێزی شیعرەکەیدا شێرکۆ بێکەس خۆی ئاماژەی پێکردووە (گراگر:کڵپەو بڵێسە،گژگژە: پووش و پەڵاشی بابردە، چکچکە: دەنگی دڵۆپە.)(بێکەس، ٢٠٠٤، ١٠)

نالی لە دوای خۆی هەوڵدراوە فەرهەنگ بۆ شیعرەکانی دابنرێت، کە ئەمەیان جیاوازترە لە کارەکەی شێرکۆ بێکەس.

یەکێک لە لایەنە بەهێزەکانی شیعری نالی بریتییە لە زمانی شیعری، کە هۆکاری بە هێزیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندی فەرهەنگە شیعریەکەی کە دەبێتە هۆی پاراستن و نوێبوونەوەی وشە وەک بچووکترین دانەی واتاداری زمان. کۆی ئەم پرۆسەیە دەچێتەوە خانەی خزمەتکرنی زمانی نەتەوەییەوە.

**تەوەری یەکەم- شیعری نالی لە کتێبی (فەرهەنگی نالی)ی، (مارف خەزنەدار)دا:**

ئەوەمان بۆ ڕوون بووە کە فەرهەنگ چییە و سودی چیە، کەی بەکاردەهێنرێت و ڕۆڵی فەرهەنگ لە ئەدەب دا چییە، نالی یەکێکە لە شاعیرانی ئەدەبیاتی کلاسیکیی کوردی لە سەردەمی حکومڕانی میرنشینی بابانەکان دا ژیا، توانی وەکوو ڕابەرێک و دامەزرێنەرێکی قوتابخانەیەکی ئەدەبی بدرەوشێتەوە و بەرەنگاری هەموو کۆسپ و بەربەستەکان بێت .

بێگومان یەکێک لە کارە سەرەکیەکانی ئەم شاعیرە لەو کاتەدا کارکردن بوو لە سەر زمان، کە ئەویش نوسینی شیعر بوو بە زمانی کوردی، هەرچەندە پێش ئەویش توانراوە بە زمانی کوردی شیعر بنوسرێت بە تایبەتی شێوەزاری گۆران، بەڵام بۆ ئەم ناوچەیە (کرمانجی ناوەڕاست) کارێکی تازە بوو.

(دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی)، یەکێکە لە کتێبەکانی (دکتۆر مارف خەزنەدار) لە ساڵی ١٩٧٧ز دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، نوسەر جارێکی دیکە و لە ساڵی (٢٠٠٨)ز. دا دووبارە کتێبەکەی

چاپکردۆتەوە، بەڵام بە دوو بەرگی جیاواز ئەویش (دیوانی نالی) و (فەرهەنگی دیوانی نالی)، کارەکەی ئێمە لە سەر چاپە نوێیەکەیە، چونکە ئەم کتێبەکەی تایبەت کردووە بە (فەرهەنگی دیوانی نالی)، ئامانجی کارەکەی ئێمەش ئەوەیە کار لەسەر فەرهەنگی شیعری نالی بکەین.
نوسەر لە پێشەکی کتێبەکەدا باس لە کارەکەی دەکات و دەڵێت :
(سودی فەرهەنگی دیوانی نالی تەنیا لەوەدا نییە تا ڕادەیەک مانای شیعری شاعیر ڕوون دەکاتەوە، بەڵکو دەتوانرێت ئەم فەرهەنگە بەکلیلی قفڵی شیعری کلاسیکی کوردی دابنرێ لەکوردستانی خوارودا،..)(خەزنەدار، ٢٠٠٨، ٥).
لەم فەرهەنگە دا نوسەر توانیویەتی (٤٥٢٢، چوار هەزار وچوارسەد و پەنجاو یەک) وشە بنوسێت و واتاکانیان ڕوون بکاتەوە، ئەم ژمارەیەشی دابەش کردووە بەسەر (٢٦بیست و شەش ) پیتدا، کە بەپێی پیتی ئەبجەدی دایناون. زۆرترین وشەی بەکارهاتوو لەم فەرهەنگەدا لە پیتی (م) دایە کە ژمارەی وشەکانی (٤٧٧) وشەیە و کەمترین وشەش لە پیتی (ژ) دایە کە (١٨) وشەیە.

پێمانوایە نوسینی ئەم ژمارە زۆرەی وشە لە ناو فەرهەنگێکی وادا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی دەتوانین بڵێین خزمەتێکی باشی کردووە بە ڕوونکردنەوەی واتای شیعرەکانی نالی، بەشێوەیەک کە وشەکانی ناو شیعرەکانی نالی بە پێی پیتی ئەبجەدی عەرەبی ڕیزکردووە و هەر وشەیەکی بە جیا ڕوونکردۆتەوە، بۆ نمونە وشەی (ئاب)ی بەم شێوەیە ڕوون کردۆتەوە :
ئاب:
- ئاو.
- ڕوون، ڕوونی، ساف .
- ئابڕوو. (خەزنەدار، ٢٠٠٨، ٩)

ئەم فەرهەنگە خزمەتی بە فەرهەنگ و زمانی کوردی کردووە، کۆمەڵە وشەیەکی زۆری لە فەوتان و لەناوچوون پاراستووە و بۆتە گەنجینەیەک بۆ هەڵگرتنی کۆمەڵێک وشەی زۆر، دواتر ئەم وشانە بە پێی پێویست دەچنەوە ناو زمانەوە و خزمەتی زمان دەکەن.
کارەکەی دکتۆر مارف دەچێتە خانەی تێکەڵبوونی زمان و کەلتوری نەتەوەکەی، نەک بەکارهێنانی زمانی بەرز بە تەنها، واتە خزمەتێکی باشی کردووە بە ئەدەبیاتی کوردی بە گشتی و شیعری نالی بە تایبەتی.
نالی دەڵێت:

**بیحەمدیللا دوچاوی یارم ئۆخەی**
**بەبێ مەی مەستە بێ مەی مەستە بێ مەی** (خەزنەدار،٢٠٠٨، ١٢٣)

د.مارف لەفەرهەنگەکەیدا وشەی (ئۆخەی) بەم شێوەیە لێکداوەتەوە (وشەیەکە لە کاتی گەیشتن بە ئامانج بەکاردەهێنرێ یا بیستنی خەبەرێکی خۆش)(خەزنەدار، ٢٠٠٨، ٢٢)، عبدولخالق معروف لەسەر بەکارهێنانی ئەو وشەیە دەڵێت: (ڕاستیەکەی ئەوەیە کە دکتۆر

نوسیویە  لەباری عەروزیەوە و لە باری زمانیشەوە کورد وشەی (ئوخەی) بۆ شتێک بەکاردێنێ کە زۆر ئارەزوی بکا و ئارەزوەکەشی بێتەدی.) (معروف،١٩٨٤، ١٢٩).

دکتۆر مارف، لە فەرهەنگی دیوانی نالیدا، چەندین وشە ڕووندەکاتەوە کە کاریگەری کەلتور و داب ونەریتی کۆمەڵگەی کوردی لەسەرە، بۆ نموونە (ئاش، ئەستوون، باز، بەی، نێرگس، پاڵان جاو، ڕەشبەڵەک، دەستاڕ، دەسرازە، کانی، چوزەرە، هێلەک، هیزە، وەنەوشە، گۆچان، کل، کوورە، فانۆس،...). نالی دەڵێت:

**دەورانیە وەک هێلەکی سەودا سەری گێژم**

**بۆیە دەقیقی مەسەلە هەرچی دەبێژم**    (خەزنەدار، ٢٠٠٨، ٦٩)

وشەی هێلەک پەیوەستە بە کلتوری کوردەوە،

لە لایەکی تروە نالی شارەزاییەکی باشی ئەدەبیاتی فارسیە، جگە لەوەی زمانی عەرەبیش، کەزمانی قورئانی پیرۆزە بەرێژەیەکی زۆر لەفەرهەنگی شیعرەکانی نالیدا کاریگەریەکەی دیارە، نالی دەڵێت:

**داری ئیدراک و داری هیند هەردو کە عوودەی ئیسمییان**

**هەمدەمی سووتنە ئەم مەیلی ئەبی لەهەب دەکا**    (خەزنەدار، ٢٠٠٨، ٤٤)

لەفەرهەنگی دیوانی نالیدا وشەی (ئەبی لەهەب) بەم شێوەیە ڕوونکراوەتەوە( ئەبی لەهەب: ناوی عەبدولعوزرای کوڕی عەبدولموتەلیبی کوڕی هاشم بووە، لە (٦٢٤ز) دا مردوە، لەقورئاندا بەخراپی ناوی هاتوە، ) (خەزنەدار، ٢٠٠٨، ١٢)، لە سورەتی (المسد) ئاماژەی کردوە بە ناوی ئەبی لەهەب **(تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ ١)**، قورئانی پیرۆز دەبێتە سەرچاوەی فەرهەنگی نالی، لەچەندەها شوێندا سودی لێ وەرگرتووە.

هەندێک وشەی دیاریکراو، لە فەرهەنگی خەزنەداردا  ئاماژەی پێکراوە پەیوەندیان بە نالییەوە هەیە و خوێندنەوەی جیاوازی تریش هەڵدەگرن، بۆنمونە: وشەوی تەم لای نالی ئەمە دەگەیەنێت: (تەم: پەردەیەکە لە چاو پەیدا دەبێ و دەبێتە هۆی کەم بینای، تاریکی ڕەشی، هەڵم، تەم و مژ) (خەزنەدار، ٢٠٠٨، ٤٥)،  بەڵام لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا  مانای تری هەیە و جیاوازە.: (تۆز و غوبار، مژدان لە جگەرە، بەلێو لێک توندکردنی خواردنی شیر و شیرینی، خەم و کەسەر)(شرفکندی، ١٩٩٠، ١٦٧)، یان وشەی (بەی)، جگە لە ماناکەی خۆی، کە (میوەی داری بەهێیە)، لای نالی مانای تریشی هەیە ئەویش (مەمکی یاری) پێچواندوە، بۆ ئەو مەبەستەش بەکاریهێناوە. نالی دەڵێت:

**کێ دەستی دەگاتە بەی و ناری نەگەیشتووت**

**لەو تەختە کەوا ساحیبی مۆرن بەسەدارەت**    (خەزنەدار، ٢٠٠٨، ٤٩)

لێرەدا وشەی(بەی) وەک میوە بەکار نەهێناوە، بەڵکو بەمانای (مەمکی خۆشەویستەکەی دێت لە خڕی و بۆن خۆشیدا.

هەروەها وشەی (خەم: خوار، کەچ، پێچ، دژی ڕاست، بۆ زوڵف و گێسوو و کەوان و پەپکەکردنی مار و خواری مانگ و تاق هەیوان و دەرگا و خانوو بەکاردەهێنرێت) (خەزنەدار، ٢٠٠٨، ٦٥)، بەڵام مانای جیاواز تر لەوەی خەزنەداریش هەیە( خەم: خەفەتی دڵ و دەروون) (خاڵ، ٢٠١٧، ٢١٧)، نالی زیاتر ئەم مانایەی مەبەست بووە، خاوەندارێتی نالی بۆ ئەم وشەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زیاتر بەمانای (غەم، خەفەت) بەکاریهێناوە، چونکە (غەم) دەبێتە بەشێک لەژیانی نالی.

ئەگەرچی نوسەری ئەم کتێبە پسپۆڕی بواری فەرهەنگنووسی نییە، بەڵام لەبەرئەوەی کارەکەی ناو ناوە فەرهەنگی شیعری نالی، بۆیە دەتوانین ڕەخنە و کەموکورتیەکانیشی باس بکەین، سەرەڕای باشیەکی زۆری کتیبەکە، بەڵام ئەم کتێبەی نوسەر (فەرهەنگی شیعری نالی) وەک هەر کارێکی تر بەدەر نییە لە کۆمەڵیک کەموکوڕی لەوانەش :

١- نوسەرهیچ ئاماژەیەکی بەوەنەکردووە کە ڕیشەی وشەکان چین و سەر بە چ زمانێکن، یان سەر بە کام شێوەزاری کوردیە، ئایا ئەم وشەیە کوردی پەتییە یاخود بیانییە بۆ نموونە (فارسی، عەرەبی، تورکی،.....)

٢- لایەنێکی تری کەموکورتی ئەم کتیبە لەوەدایە، کە نوسەر نەهاتووە بە شێوەیەکی زانستی بنەماکانی نوسینی فەرهەنگ ڕەچاو بکات، بۆ نمونە (پێشەکی بۆ فەرهەنگەکەی، دەروازەکانی فەرهەنگ،)

٣- ڕۆڵی وشەکانی لە ناو ڕێزماندا دیاری نەکردووە، بۆ نموونە ناو، کردار.

٤- ئاماژەی بۆ ئەوەنەکردووە کە نالی ئەم وشەیەی لە کام دێڕە هۆنراوەدا بەکارهێناوە ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ماندووبوونی خوێنەر.

پێمان وایە کە نوسەر هێندەی مەبەستی بووە کار لەسەر ئەو وشانە بکات کە نالی لە شیعرەکانیدا بەکاریهێناون، هێندە مەبەستی نەبووە کە لە بواری زمانەوانیدا کار بکات، بۆیە هەر چۆنێک بێت فەرهەنگەکەی دەچێتە خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی بە گشتی و ئەدەبیاتی کلاسیکی بە تایبەت .

ئەو ژمارە زۆرەی وشە کە نالی لە شیعرەکانیدا بەکاریهێناون بوونەتە بەشێک لە فەرهەنگی زمانی کوردی و بەهۆی شیعرەکانی نالییەوە لەناونەچوون و پارێزراون، هەرچەندە پێدەچێت بەشێک لەو وشانە بە شێوەیەکی زارەکی لەو کاتەدا بەکارهاتبن، بەڵام ئەوە نالییە کە بەشێوەی نوسراو بەکاریان دەهێنێت و شیعرەکانی دەبنە گەنجینەیەک بۆ ئەو وشانە .

هەر ئەمە بوو کە بووە هۆکاری ئەو بناغە پتەوەی کە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست) لەسەری دامەزرا و هەتاوەکو ئێستاش بەردەوامە.

**تەوەری دووەم- شیعری نالی لە کتێبی (فەرهەنگی شاعیرانی کلاسیکدا)ی، (د.محەمەد نوری عارف)دا:**

یەکێکی تر لەو کارانەی لەسەر فەرهەنگی نالی کراوە کتێبێکە بە ناونیشانی (فەرهەنگی دیوانی شاعیران نالی- سالم- کوردی) لە نوسینی (دکتۆر محمدنوری عارف)ە. لەساڵی ٢٠٠٩ز چاپکراوە.

ئەم کتیبە یەکێکە لەو کتیبە پڕ بایەخ و گرنگانەی کە کاری لەسەر سێ شاعیری ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی بە تێکەڵی کردووە، بەڵام ئەوەی کە ئیمە مەبەستمانە شیعرەکانی نالییە و ئەو وشانەیە کە لەدێڕە شیعرەکانیدا نوسەر شی کردونەتەوە.

نوسەری ئەم کتیبە لە پێشەکیەکەیدا دەڵیت: (ئەم فەرهەنگە بە شێوەیەکی گشتی ئەو وشانە دەگرێتەوە کە ئەمڕۆ باو و ئاسایی نین لە زمان و ئەدەبی سەردەممماندا، هەندێک لەو وشانە کوردین و لە فەرهەنگەکانماندا هاتوون، بەشێک لەوانە فارسی یان عەرەبی یان تێکەڵاون هەندێکجاریش تورکی، بڕێک لەو وشانە ڕەگ و ڕیشەی ئیسلام و پێش زاینیان هەیە و پیشاندراون،)(عارف، ٢٠٠٩، ٧).

نووسەر بەشێوەیەک مانای وشەکانی لێکداوەتەوە کە بە پێی پیتی ئەبجەدی وشەکانی ڕیزکردووە، واتە ئەو وشەیەی لە ناو دێڕەکەدایە سەرەتاکەی چ پیتێک بێت نمونەی دێڕە شیعرەکەی بۆ هێناوەتەوە . ژمارەیان (١٤٣٦ یەک هەزار و چوارسەد و سی و شەش) وشەیە واتاکانیانی ڕوونکردۆتەوە، ئەم ژمارەیەشی دابەشکردووە بەسەر (٢٦ بیست و شەش) پیتدا، کە بە پێی پیتی ئەبجەدی دایناون .

زۆرترین وشەی بەکارهاتوو لەم فەرهەنگەدا لە پیتی (م) دایە کە ژمارەی وشەکانی (١٣٢) وشەیە و کەمترین وشەش لە پیتی (ژ) دایە کە (٣) وشەیە.

نوسەری ئەم فەرهەنگە بەشێوەیەکی گشتی باسی هەر سێ شاعیرەکە دەکات و بە دامەزرێنەری ئەو قوتابخانە شیعریەیان دادەنێت، (ئەمانە بە پێشەوا و سەرەتای شیعری کرمانجی خواروو دانراون، بێگومان هەموو سەرەتایەک دەبێت ئاسان و سادەبێت، بەڵام ئەوان بە پێچەوانەوە لە ئاستێکی زۆر بەرز و ورد و دڵڕفێندا شیعریان وتووە)(عارف، ٢٠٠٩، ٧)، لێرەدا پلەو پایەی شیعریان بەرز دەکاتەوە، بە بێ جیاوازی لە ناوهێنانیاندا، باسی کردوون.

لە ئەنجامی وردبونەوە لە کارەکەی دەبینین کاتێک وشەیەک دەهێنێتەوە ئەگەر ئەو وشەیە لەشیعری نالیدا بوونی هەبێت، ئەوا سەرەتا نمونەی دێڕە شیعرێکی نالی دەهێنێتەوە بە نموونە، کەواتە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە نالی بەڕابەر و دامەزرێنەری شیعری کلاسیکی کوردی کرمانجی خواروودا دەناسێنێت.

بەڵام لەگەڵ کارەکەی خەزنەداردا جیاوازیان هەیە و هەریەکەیان بەشێوەیەک کاری کردوە، خەزنەدار بە تەواوی خۆی بۆ نالی تەرخانکردبوو، بەڵام د.محمد نوری لەپاڵ شیعری نالیدا شیعری سالم و کوردیش ڕوون دەکاتەوە.

خەزنەدار زیاتر ڕەهەندێکی زانستی وەرگرتووە و کارەکەی خۆی لەسەر بنیات ناوە، بەڵام ئەو زیاتر گرنگی بە ڕەهەندی ئایینیداوە و ئەو وشانەی کە پەیوەستن بە ئایینەوە زیاتر ماناکانی ڕونکردۆتەوە، بۆ نمونە لە ڕوونکردنەوەی وشەی (یدوڵلا)دا بە قوڵی ماناکەی دەرخستووە(

يدالله، مەبەست توانا و هێزی خوایە، دەستی خوا، ئایەتی ٦٩، سورە مائدە)(عارف،٢٠٠٩، ٨٨٣) . هەروەها بایەخی بەڕیشەی وشەکان و پێکهاتەکانیانداوە.

لەلایەکی ترەوە لەڕوونکردنەوەی مانای وشەکاندا جیاوازن، بە نمونە وشەی (مەی) لە لای خەزنەدار بە مانای (شەراب، شەرابی ترێ، بادە، هەموو خواردنەوەیەک کە ئادەمیزاد سەرخۆش بکات)(خەزنەدار،٢٠٠٨، ١٥٧)، بەڵام لای د.محمد نوری لەگەڵ وشەیەکی تر بەکاریهێناوە (مەی ڕژان: مەبەستی فرمێسکی خوێناویە)(عارف، ٢٠٠٩، ٧)، لەڕووی ڕەنگەوە مەی بەفرمێسک لەقەڵەم داوە.

- ئەم فەرهەنگە لەسەر بنەمای داڕشتنی زمانەوانی و بە شێوەیەکی گەشەپێدراو داڕێژراوە، هەوڵدراوە کە وشە و زاراوەکان بە زمانی ئەو سەردەمە بخاتە ڕوو دواتر واتاکانیان ڕوون بکاتەوە.

- لەم فەرهەنگەدا نوسەر بە پێشەکییەکی کەم توانیویەتی ئەوەندە زانیاری بدات بەدەستەوە کە یارمەتی تێگەیشتنی خوێنەر بدات.

- وەک ئاماژەمان پێکرد هاتنە ناوەوەی هەر وشەیەک بۆ ناو فەرهەنگ بە یەکێک لە ڕێگاکانی ( داڕشتن، لێکدان، وەرگرتن، داهێنان، دوبارەکردنەوە،.) دەبێت، نوسەر لە ڕوونکردنەوەی مانای وشەکاندا تا ڕادەیەک ڕەچاوی ئەمەی کردووە و ڕوونی کردۆتەوە .

نوسەر شارەزاییەکی باشی هەبووە لە زانیاری گشتی لەسەر وشەکان و بنچینە و ڕیشەکانیان .

سەرەڕای کۆمەڵێک خاڵی باش لەسەر ئەم کارە، بەڵام بەدەر نییە لە کۆمەڵێک کەموکوڕی لەوانەش:

١- ئەم کارە لەسەر شیعری شاعیران کراوە، واتە بابەتێکی ئەدەبییە، بەڵام ئەوەش گرنگە ڕاوێژ لەگەڵ دەزگایەکی کلتوری و ئەکادیمی بکەیت بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی کارەکە، چونکە زمانی شیعری نالی زۆر فراوانە، نوسەر هەرچەندە کەسێکی ئەکادیمییە و شارەزایە، بەڵام بە تەنها کارێکی لەو شێوەیە ئاسان نییە و بێ کەموکورتی نابێت .

٢- نوسەر بە شێوەیەکی تێکەڵ نموونەی شیعرەکانی لەسەر هەر سێ شاعیرەکە هێناوەتەوە .

٣- ئەوەندەی بایەخی بە ڕەچەڵەک و ڕیشەی وشە بێگانەکان داوە، هێندە بایەخی بە وشە کوردییە پەتییەکان و شێوە زارەکانی زمانی کوردی نەداوە .

**تەوەری سێیەم- ڕۆڵی فەرهەنگی شیعری نالی لە پێشخستنی ڕۆشنبیری کوردیدا :**

نالی یەکێک بوو لەو شاعیرانەی کە توانی ڕۆڵی هەبێت لە بەرەو پێشچوونی ڕۆشنبیری کوردی و
کاریگەری هەبێت لەسەر شاعیران و ئەدیبانی دوای خۆی، چونکە توانی لە هەناوی شیعرەوە فریای زمانی کوردی بکەوێت بە تایبەتی شێوەی کرمانجی ناوەڕست .

(زیرەکی و توانای زمانەوانی ئاست بەرزی نالی لە زماناسی و زانستی زمانی کوردیدا، کە لایەنەکانی شێوە و واتا و چەشن و تەرزەکانی وشە خۆماڵییەکان و هەمبەر بە وشە وەرگیراوەکان



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد /١٦ العدد ٥

له زمانی بێگانه و یاسا فۆنۆلۆژییەکان، مەرجە فۆنەتیکیەکانی زمانی دایکی و ئەوجا بەکارهێنانی وشە دەربڕاوەکان دەگرێتەوە.)(مەحوی، ٢٠٠٧ ، ٩١) .

بەکارهێنانی ئەو هەموو وشەیە لە شیعرەکانی نالیدا، کە دوا جار بوونە بەشێک لە فەرهەنگی وشەیی شیعرەکانی لە خۆوە نەبووە، بەڵکو ئەو توانا و سەلیقەی ئەم شاعیرە دەردەخەن، یەکێک لەو گۆڕانکاریە گەورانەی نالی لە شیعردا ئەنجامیداوە، کارکردن بوو لە سەر زمان بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە، هەڵسوکەوتێکی بێوێنەی لەگەڵ چەمکی زماندا کردوە، بە تایبەتیش بۆ سەردەمی خۆی، چەق ئەوکارەش وشە بوو، (بەگوێرەی شێوازی نالی هیچ وشەیەک بەخەسار نەچووە هەر وشەیەک کە بەکارهاتووە بە ئەوپەڕی توانستەوە لە شیعرەکەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە)(مەحموود زادە، ١٣٩٩، ١٦٧). نالی دەڵێت:

**تا لە من ئەو زولفە ڕێی بۆسە و کەناری گرتووە،**

**ناو دەمم پێ شوبهە تامی زەهری ماری گرتووە**

**خۆش لەسەر سینەی سەری هەڵداوە دو گۆی سەر بەمۆر**

**مات وحەیرانم کە عەرعەر کەی هەناری گرتووە** (مدرس، ١٩٧٦، ٥٣٨ )

ریز کردنی ئەو وشانە و چنینیان پێکەوە مانای شارەزایی نالی نیشان دەدات (زوڵف، بۆسە، کەنار، زەهری مار، عەرعەر، ) بۆ نمونە (بۆسە و کەنار) و (زوڵف) لەیەک دوورن، یان (عەرعەر کەی هەنار دە گرێت) بەڵام شاعیر بە شێوەیەک بەکاریهێناون کە یاری بە وشەکان کردووە، هەر وشەیە و جێگای خۆی گرتووە، (نالی زوو بەو ئەنجامە گەیشت کە هونەر و شیعریش بریتیە لەیاری زمانی ، جەسارەتی نالی تەنانەت لە وشەسازی و نامۆکردنەوەدا ئەوەندە زۆرە کە ئێستاش ڕەنگە نموونەی نەبێت)(سوزەنی، ٢٠٠٦، ٢٥-٥٣).

کەواتە هۆکاری ئەم یاریکردنە زمانییەی نالی بە وشە، دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندی فەرهەنگەکەی، چونکە توانایەکی باشی هەبووە لە بەکارهێنانی وشە و دروستکردنی وشەی نوێ، بۆ نمونە لە وەسفی حوجرەکەیدا دەڵێت:

**لوطفی بانگوش بو کەوا لەم حوجرەدا زاناندمان**

**گەر بەنی ئادەم بخنکێتن، سەراوە نەک بناو** (مدرس،١٩٧٦، ٣٦٥)

لێرەدا وشەی (زاناندمان) بەکاردەهێنێت، کە داهێنانێک دەکات لە وشەسازیدا و زاراوەیەکی نوێ دروستدەکات و دەچێتە ناو فەرهەنگی زمانەکەوە، دوا جار ئەو سەلیقە زمانییەی نالیش بووەهۆی دروستکردنی مەترسی بۆ زمانی باوی ئەو سەردەمە کە زمانی بێگانە بوو، هەروەها تێپەڕاندنی زمانی ئەدەبی ئەو کاتە کە شێوەزاری گۆران بوو کە بەو شێوازە شیعریان دەنوسی .

ئەو وشانەی کە لە شیعرەکانیدابەکاری دەهێنان، بە تەواوی گوزارشتیان دەکرد لە ژینگە و دەوروبەری لەو کات و سەردەمەدا، ئەمە بووە هۆی دروستبوونی ئەو پەیوەندییە لە نێوان



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

فەرهەنگ و شیعرەکانیدا (فەرهەنگ پەیوەستە بە فۆرم و واتاوە، دارشتنێکی ناوەکی خۆی هەیە کە ئاماژەیە بۆ دونیابینی و دارشتنی ژینگە و دەوروبەری زمان.)(محەمەد، ٢٠١٦، ١٠).

نالی توانی پەیوەندیەیەکی بەهێز لە نێوان فەرهەنگی زمان و شیعردا دروست بکات، کاتێک سەیری وشەبەکارهاتووەکان دەکەین، خاوەنی مانا و دەلالەتێکی قووڵن، بۆیە بەشێک لەو وشانە دەبنە وشەی فەرهەنگی (وشەی فەرهەنگی ئەو وشانەیە کە بە تەواوی داماڵراوە لەو هەست و سۆز و بیر و بۆچوون و چەمکانەی کە وشەیەک لە بەکارهێنانیدا هەڵیدەگرێت، تەنها مەبەست لێیان وەرگێرانی ڕەمزەکانە بۆ مانا بەرجەستەکان، مانای بەرجەستە و دیاریکراوی وشەیەک لە فەرهەنگی زمان دەگرێتەوە)(ڕەئوف ، ٢٠١٧، ٦٥).

ئەگەر بپرسین نالی کە خاوەنی ئەو هەموو شارەزاییەی زمان بێت و بیەوێت بە زمانی کوردی شیعر بنووسێت و شۆڕشێکی زمانی لە شیعردا بەرپا بکات، ئەی بۆچی ئەو هەمو وشە زۆرە (عەرەبی و فارسی ) تا ڕادەیەک تورکی و زمانی دیکەی بیانی بەکارهێناوە، وەڵامەکەی چونکە کاری ئەو نوسینی شیعرە، (شاعیر بۆی هەیە هەموو زمانە مرۆڤایەتییەکان بە سەرچاوەی خۆی دابنێ و فەرهەنگی ئەم هەموو فەرهەنگەکانی جیهانە بەهەر زمانێک بن و لەهەر سەردەمێک دا کۆکرابنەوە.)(فەتاح ، ٢٠١٠، ٤٠١).

کەواتە دەتوانین بڵێین پەیوەندیەیەکی بەهێز لەنێوان فەرهەنگ و شیعری نالی دا هەیە و شاعیر توانیویەتی لە ڕێگەی زمانیەی شیعرییەکەیەوە داهێنان ئەنجام بدات، هەروەها لە ڕێگەی شیعریشەوە خزمەتێکی باشی زمان بکات و کاریگەری گەورەش بهێنێتە ئاراوە، چەندەها وشەی نوێ و ڕەسەن بخاتە ناو فەرهەنگی زمانەکەیەوە و لە لەناوچوون بیان پارێزێت، چونکە زمانی شیعری بەرزترین و ڕەسەنترین و وردترین بەکارهێنانی زمانە، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەو ڕۆڵی هەبێت لەسەر ڕۆشنبیری و شیعر و ئەدەبیاتی کوردی.

هەتاوەکوو سەدەی بیست بەشێکی زۆری خوێندەوار و شارەزایان لە ناو حوجرەی مزگەوتەکان و قوتابخانە ئاینییە گەورەکانەوە پەروەردەبوون، چونکە تاکە هۆکاربووە بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری، بێگومان نالیش بەهەمان شێوە زانست و زانیاری وەرگرتووە و هزر و بیری خۆی فراوان کردووە، بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش گەلێک شوێن و ناوچەی کوردستان گەڕاوە، دواتر بۆتە سەرچاوەیەکی باش بۆ ڕۆشنبیرییەکەی.

ئەوەی کە بووە هۆی جیاوازی نالی لەگەڵ شاعیرانی تری هاوسەردەمی خۆی، هەر ئەو ئاستە بەرزە ڕۆشنبیرییە بوو کە بەدەستی هێنابوو، کە توانی گۆڕانکاری بکات لە دونیای شیعری کوردیدا و هەتاوەکوو ئەم سەردەمەش ڕەنگدانەوەی هەبێت، ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە شاعیرانی تری کورد نەشارەزابووبن یان بێ توانابووبن .

یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی دەقی شیعری سەرکەوتوو و داهێنەر سود وەرگرتنە لە زمان، بە تایبەتیش ئەگەر داهێنەر یەکەم کەس بێت ئەو شێوەکارکردنە لە زمان ئەزموون بکات .

ئەوجیهانبینییەی کە نالی هەیبوو بۆ شیعر بووە هۆی گۆڕینی مۆدێلی نوسینی شیعری کوردی بەشێکی سەرەکی لە ڕێگەی زمانەوە بوو، لە ناو زمانیشدا بۆمان دەرکەوت کە خاوەنی

فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی وشە بوو، کە دواتر ئەم فەرهەنگە سودێکی زۆری بە ئەدەبیاتی کوردی گەیاند، بووە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ شاعیرانی سەردەمی خۆی و دوای خۆی، (نالی وشەگەلێکی کوردی نوێی هێنایە ناو فەرهەنگی شیعری ئەو سەردەمەوە، کە تا سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم شاعیرانی کورد لە ڕووی زمانی شیعریەوە هەمان زمانی شیعری نالیان پەیڕەو دەکرد)(کریم – عمر، ٢٠٠٨، ١٢).

دەتوانین بڵێین نالی ڕۆشنبیر بوو بە بەڵگەی ئەوەی جیاواز بوو لە کەسانی دەوروبەری، توانی ئاستی خۆی بدۆزێتەوە، (ڕۆشنبیر کاتێک ئاراستەی دیاری خۆی دەدۆزێتەوە کە ئاستی ژیاری دەگاتە گۆڕان و ئاڵوگۆڕکێی شارستانی و ئاستی ڕۆشنبیری ئەو قۆناغەی خۆی تێپەڕێنێت ، ئاستێکی جیاواز و دونیابینی خۆی نیشان بدات )(جەبار ، ٢٠٠٥، ٤٩)، بۆیە کەسی ڕۆشنبیر هەمیشە ڕەنگدانەوە لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێت، ئەگەر لەو کاتەشدا کە تیایدا دەژێت تووشی کۆسپ و نارەحەتیش ببێتەوە .

بەرزی ڕۆشنبیری نالی یەکێک بوو لە خەسڵەتەکانی، چونکە توانی خۆی لە شاعیرەکانی دیکە جیابکاتەوە و لەو فشار و هێز و نەریتانە خۆی ڕزگار بکات و هزر و ڕوانین و دونیابینی و خەیاڵی خۆی بسەلمێنێت، نەک بکەوێتە ژێر فشاری قسەنەکردن و بێدەنگی و نەریتی ئەوسا، (ڕۆشنبیرەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گەورە لە پرۆسەی بەرزکردنەوەی ئاستی زمان و جێگیرکردنی کۆڵەکەکانیدا ببینن، چونکەزمان بە گرنگترین و بنەڕەتیترین کۆڵەکەی هەر ڕۆشنبیریەک دادەنرێت) (لحلواحی ، ٢٠١٨ ، ٥٤).

بەرزی ئاستی بەکارهێنانی زمانی شیعری نالی، بەڵگەی سەلمێنەری ئەوەیە کە ڕۆڵی خۆی وەک ڕۆشنبیر بینیوە، چونکە دواجار زمانیش دەچێتەوە خزمەتی دەقی ئەدەب و پێکەوە وەک یەکەیەکی یەکگرتوو ڕۆڵیان لە پێشخستن و بەرەو پێشچوونی ڕۆشنبیری گشتیدا هەبووە، (ئەگەر هاتوو ڕادەی ڕۆشنبیری نەتەوە یان گروپێکی خاوەن زمان بەرز و پێشکەوتوو بێت، ئەوا کاریگەری دەکاتە سەرکۆی ڕۆشنبیری نەتەوە و گروپەکانی تر )(محمەد، ٢٠٢٢، ٣٦)

یەکێکی دیکە لە هۆیەکانی ئەو دەوڵەمەندییە فەرهەنگییەی شیعری نالی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە ناوچەیەکدا ژیاوە کە لە ژێرحکومڕانی میرنشینی بابانییەکان دابووە، میرە فەرمانڕەواکانی ئەم میرنشینە وێڕای هەموو ئاستەنگ و کەموکورییەکانیان، بەڵام هەر لە سەرەتای بنیاتنانی شاری سلێمانیدا هەندێ کاری گرنگیان کرد، شاریان لە سەربنەمایەکی پێشکەوتوو مۆدێرن بنیاتنا، (لەماوەی ساڵانی ١٨٢٠-١٨٥٠ دا چەندین دەنگ هەبوون کە تێگەیشتنێکی ڕێژەییانەیان بۆ بەها مۆدێرنەکان هەبوو، ئاستێک لە هۆشیاریی مۆدێرن ختوکەیداون، مۆدێرنیتە بە واتای دیاردە و ڕەوەند و پرۆسەیەکیشە کە کۆمەڵگاکانی ناچارکردووە لە شێوە ژیان و هزرێکەوە بەرەو شێوە ژیان و جۆری دیکەی بیرکردنەوە بگوێزنەوە، ئاستێکی ئاگایی و هۆشیاری مرۆڤە بە دونیای نوێ)(سیوەیلی ،٢٠١٨، ٣٢٨).

ئەمە بەو مانایە نایەت کە میرەکانی بابان لە ڕووی تیۆرییەوە شارەزییان لە مۆدێرنیتە هەبووە، بەڵکو ئەو کردار و ئیشانەی کردوویانە دەچێتە ناو ئەو چوارچێوەیەوە، لە هەمانکاتدا تروسکایی نوێگەریش بە شێوەیەک دەرکەوتبوو لە ناوچەکەدا بەگشتی.

هەرچەندە بابانییەکان نەیانتوانی چاپخانە بهێنن یان زانکۆ دابمەزرێنن، بەڵام توانیان کتێبخانەی گەورە و مزگەوت و مەدرەسەی ئایینی گەورە دابمەزرێنن، (جگە لە دەستنوس لەو سەردەمەدا چاپ پەیدا بووە، هەندێک کتێبی عەرەبی، فارسی، تورکی، لە ئێران و لە هیندستان و لە تورکیا و لە ئەوروپا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ئەبێت لە وانەش گەیشتبێتە کوردستان.) (ئەمین ،٢٠١٢، ٤٤٥)

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو ژینگەیەی نالی تیایدا گەورەبووە و ژیاوە، هۆکاربوو بۆ ئەو ئاستە ڕۆشنبیرییە بەهێزەی پێشکەشیکرد، توانی وەکوو داهێنەرێک دەربکەوێت و گەشە بە هێز و توانای خۆی بدات بۆ ئەو کارەی دەستی پێکرد، کارێکی لەو شێوەیە پێویستی بە پاشخانێکی بە هێزی زانیاری زمانی و زانیاری گشتی هەبوو.

نالی ئاگاداریەکی باشی لە زمانی کوردی و شێوەزارەکانی تری ناوچەکانی کوردستان هەبوو، بۆیە(هەڵبژاردنی وشەی جۆراوجۆری زمانی کوردی لە هەر مەڵبەندە و لە هەردیالێکت و بەشەدیالێکتێکی زمانی کوردی وشەی شیعری وەرگرتووە شیعرەکانی خۆی پێ داڕشتووە )(شارەزا،١٩٨٤، ٣٠).

هەروەها شارەزایی لە زمانەکانی ناوچەکە و زمانە بیانییەکان هەبوو، چونکە کاتێک سەیری ئەو وشانە دەکەین کە لە شیعرەکانیدا بەکاریهێناون و دواتر چونەتە ناو فەرهەنگی زمانەکەوە، بۆ نمونە وشەی یۆنانی وەک (ئیکسیر: گەوهەرێکی توێنەرەوەیە و تەنەکان دەگۆڕێت و باشتریان دەکات )(عارف،١٩٩٩، ٨٣)، وشەی فارسی یان زمانەئێرانییەکانی بە گشتی بەکارهێناوە وەک (ئەستە: بە واتای بەری دیوی ناوەوەی جل و بەرگ دێت)، وشەیەکی پەهلەوییە(معین، ١٣٨١، ٤٥)، (شکاف: ئاوریشمی کڵافەکراو، درز.)(انوری،١٣٨٣،٤٥٢٣)، یان وشەی زۆری عەرەبی بەکارهیناوە وەک (ئەحوەل: لە زماندا بە واتای خێل دێت، بەڵام لە تەسەوفدا سیفەتی فرەبینینە و دژی یەکتابینینە) (کەسنەزانی / بەرزنجی،٢٠٢٤، ١٧٦)، هەروەها وشەی تورکیشی بەکارهێناوە وەک (ئاغوش: لە باوەشکردن، ناوی کۆیلە و خزمەتکارە تورکەکانە)(معین، ١٣٨١، ٥١) .

ئەدەبیاتی کوردی پێش نالی کۆمەڵێک شاعیری بە ناوبانگی لە خۆگرتبوو، بەڵام لە کرمانجی خوارووودا ئەوە نالی بوو کە توانی شیعری کلاسیکیی کوردی وەک قوتابخانەیەکی کامڵ دابمەزرێنێت، چونکە لە ڕووی فەرهەنگی زمانییەوە توانایەکی باشی هەبوو لە بەکارهێنانی وشە لە ناو شیعرەکانیدا، کە ئەمە بووە هۆی ئەوەی کەرەستەیەکی زۆری وشە بخاتە ناو فەرهەنگی زمانیی کوردییەوە و شاعیرانی دوای خۆی سودی لێببینن و بەکاری بهێنن.

(ئەم قوتابخانەیەلەسەردەستی نالی، ڕێسا و بنەما و ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندێتی خۆی وەرگرتووە، هەڵبەت دوا بە دوای ناوبراو کۆمەڵێک شاعیری تر لەسەر هەمان بنەما و ڕێباز درێژەیان بەم قوتابخانە کلاسیکە کوردیە داوە.)(خەیات، ٢٠١٧، ٧٨).

کەواتە ئەو کاریگەرییە فەرهەنگییەی شیعرەکانی نالی هەیبوو لەسەر شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی بە شێوەیەک بووە بۆمان دەردەکەوێت کە چەندەها شاعیری کورد لە ناوچەجیاجیاکانی کوردستانەوە لەسەر شێوازی ئەو ڕۆیشتوون، وەک وەفایی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، یان حاجی قادری کۆیی لە کۆیە، (بیرکردنەوە بە زمانی کوردی و بە شێوازی کرمانجی ناوەڕاست و دەڤەری سلێمانی، کە دواجار بووە زمانی ستانداری نووسین و ئاخاوتنی ئەکادیمی، ئەو بیرە نوێیە دەچێتە بازنەی نوێگەرییەوە)(علی کەلاری، ٢٠١٨، ٨٨)، بەپێی بۆچونی (حسێن مەحموود) ئەو کارەی نالی کردی نوێگەرییە.

بێگومان هەرکارێ لە کاری پێش خۆی جیاواز بێت ئەو قۆناغە ببڕێت دەچێتە خانەی نوێگەرییەوە،

(قوتابخانەی شیعری نالی ئەگەر لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە گەلێک دیمەنی لە ئەدەبیاتی ئەمرۆماندا نەمابێ، ئەوا فۆڕمی ئەدەبیاتی ئەمرۆمان هەر بەرەوپێشچوونی مێژووی فۆڕمی ئەو قوتابخانەیەیە ، بە تایبەتی ئەو زمانەی کە ئەدەبیاتەکەی پێ دەنووسرێ، هەر ئەو زمانە تازە پتەوەیە کە ئەو قوتابخانەیە کردی بە کەرەستەی دەربڕینی ناوەڕۆک.)(ڕەسول،١٩٧١، ٣١).

نالی کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی شیعری بابان، تەنانەت ڕۆڵی ڕابەری و دامەزرێنەری سەرەکی بەردەکەوێت هەر بەهۆی زمانەکەیەوە بووە، (بەشێک لە شاعیرانی دوای نالی لە ڕووی زمانەوە هەمان زمانەکەی ئەوە کە دەستی پێکردووە، مەگەر چەند وشەیەکی نوێ نەبێت کە پەیوەندی بە کاتەوە هەیە، ئەو زمانەی کە ئێستا پێی دەڵێن زمانی ئەدەبی ئەگەر هەر ئەو زمانەی نالی نەبێ، ناوەڕۆکەکەی زمانەکەی نالییە.)(موتابچی ، ١٩٨٥، ١٠٠)

هەر لە توێژینەوەکەی (ئەمین موتابچی)دا، کۆمەڵێک شاعیری کوردی دیاریکردووە کە ژمارەیان نزیکەی (٤٠چل) شاعیر دەبێت، کە بەهەمان ڕێچکەی ئەودا ڕۆیشتوون، تەنها بە جیاوازییەکی کەم نەبێت ئەوانیش :

"سالم، مەولەوی، مەلاوەسمان، کوردی، کەیفی، حاجی قادر، مەحوی، شێخ ڕەزا، حاجی مەلا عبداللە جەلی، سالمی سنە، مەجدی،..تادەگاتە، بێکەس، گۆران، دڵدار، هەردی، دیلان، کامەران موکری،..)

کاتێک سەیری شیعری ئەم شاعیرە کوردانە دەکەین، لێکچونێکی زۆر لە نێوان ئەوان و شیعرەکانی نالیدا هەیە، هیچ نەبێت لە قۆناغێکی شیعر نووسیندا کاریگەری شێوەی نالیان پێوە دیارە بۆ نمونە، (لەبەشێک لە شیعرەکانی دڵداردا جگە لە کاریگەری زمان و شێوازی دارشتنی نالی لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە هەر لە فەزا و واتایی شیعرەکانی نالی نزیکن.)(قادر-تاتانی ، ٢٠٢٣، ٢٨٧).کەواتە ئەمە بەڵگەیەکی گرنگە کە فەرهەنگی شیعری نالی چ کاریگەرییەکی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەهێزی کردۆتە سەر ڕۆشنبیری شیعری کوردی، ئەم کاریگەرییە هەتا ئێستاش بەردەوامی هەیە
.
ئەمە جگە لەوەی کە زمانی شیعری نالی بووە هۆی ئەوەی زمانێکی ئەدەبی تۆکمە بێتە کایەوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆری کتێبی نوسراوی کوردی هەتا ساڵی١٩٩١ بەم شێوە زارەبوو .
هەر ئەو زمانەی نالی کە بە (کرمانجی ناوەڕاست) ناسراوە بووە زمانی حکومەتەکەی شێخ مەحموودی حەفید و دواتر بووە زمانحاڵی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ئێستاش زمانی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە .
ئەنجام:
١- دەوڵەمەندبوون لە فەرهەنگدا بە واتای دەوڵەمەندبوون لە وشەکانی زمان دێت و لەوێشەوە دەچێتەوە خانەی زمانی شیعر و داهێنانی وشەی نوێ .
٢-هەڵسەنگاندنی شێوازی خەزنەدار لە ناساندنی نالیدا ڕەخنە گرانەیە و ساتیشکەرانە نییە، چونکە کارەکەی لەسەر بنەمایەکی زانستی ئەنجامداوە.
٣- لە کارەکەی (د.مەحەمەد نوری عارف)دا، ئەو وشانەی پەیوەندی بە ڕەهەندی ئایینیەوە هەیە زیاتر بایەخی پێدراوە، سەرەڕای بوونی شارەزاییەکی باش لە بنچینە و ڕیشەی وشەکان.
٥- پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان فەرهەنگ و شیعری نالی دا هەیە و شاعیر توانیویەتی لە ڕێگەی زمانیەی شیعرییەکەیەوە داهێنان ئەنجام بدات، فەرهەنگی شیعری نالی کاریگەرییەکی بەهێزی کردۆتە سەر ڕۆشنبیری و شیعری کوردی، ئەم کاریگەرییە هەتا ئێستاش بەردەوامی هەیە.

**ليستی سەرچاوەكان:**


القرآن كريم

كتێبەكوردییەكان

١- رەسول، د.عیزەدین مستەفا،١٩٧١، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەكگرتووی كوردی،چاپخانەی سلطان الاعظمی ،بغداد

٢- نالی١٩٧٦، دیوانی نالی، ئامادەكردنی –مامۆستا مەلاعەبدولكەریمی مودەریس و فاتیحی مەلاكەریم.

٣- شارەزا،كەریم،١٩٨٤،نالی وزمانی ئەدەبی یەكگرتووی كوردی،شركةمطبعةالادیب،بغداد

٤- موتابچی،دكتۆرامین علی،١٩٨٥،زمانی نالی،گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق ،بەرگی سیانزدەهەم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق،بەغداد

٥- حاجی مارف،دكتۆرئەورەحمان،١٩٨٧،لەبواری فەرهەنگ نوسی كوردی دا،چاپخانەی الزمن ،بەغداد.

٦- شرفكەندی،عبدالرحمن،١٣٦٩(١٩٩٠)،هەمبانە بۆرینە، سروش،تهران

٧- موكریانی،گیوی،١٩٩٩،فەرهەنگی كوردستان، چاپی یەكەم،چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٨-بێكەس، شێركۆ، ٢٠٠٤، ڕەنگدان، سلێمانی.

٩-جەبار،ئاسۆ،٢٠٠٥، كۆمەڵگای داخراو،چاپی دووەم ،چاپخانەی چوارچرا ،سلێمانی.

١٠- كەریم،رزگار،٢٠٠٥، فەرهەنگی دەریا (عەرەبی-كوردی )،بەرگی دووەم ،چاپخانەی سیما، سلێمانی.

١١-سوزەنی ،سالح،٢٠٠٦،نالی و خوێندنەوەنوێكانی سەردەم، چاپی یەكەم،سەنتەری ڕوناكبیری ئێل بەگی جاف،سلێمانی.

١٢-عبدالله،ڕۆژان نوری،٢٠٠٧، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی كوردی،چاپی یەكەم،چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی.

١٣- خەزنەدار،دكتۆرمارف،٢٠٠٨، فەرهەنگی نالی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٤- خەزنەدار،دكتۆرمارف،٢٠٠٨، دیوانی نالی،هەولێر.

١٥- عارف،محمد نوری،٢٠٠٩،فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی،سالم، كوردی)، چاپی دووەم، ئاراس،هەولێر.

١٦-مەحموود،د.ئازاد ئەحمەد،٢٠٠٩،بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی كوردیدا١٩٨٥-٢٠٠٥،هەولێر.

-١٧

حسێن،ڕێژنه معروف، ٢٠١٠،ڕۆڵی شێوه زارەکۆمەڵایەتیەکان لەدەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلەحەدین، هەولێر.

١٨-فەتاح،محمدمعروف،٢٠١٠، لێکۆڵینەوەزمانەوانیەکان،چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر.
١٩-ئەمین،نەوشیروان مستەفا،٢٠١٢، بەدەم ڕێگاوەگوڵچنین، کتێبی یەکەم، چاپخانەی الدارالعربیةللعلوم – ناشرون،بیروت-لبنان.

٢٠- حمد،شیروان حسێن.٢٠١٤،توانای مۆرفیمی بەندلەدەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکس دا(بەراوردی فارسی و کوردی،تێزی دکتۆرا،زانکۆی سلێمانی،سکوڵی زمان
٢١-محمد،بژوێن یەحیا،٢٠١٦،نواندنی فەرهەنگی لەزمانی کوردی دا،نامەی ماستەر،زانکۆی سلێمانی،کۆلێژی زمان.
٢٢- خۆشناو،نەریمان عەبدوالله،٢٠١٦، زمانەوانی کارەکی، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاوێر،هەولێر.
٢٣-ڕەئوف،د.لوقمان،٢٠١٦،شوناسیشیعری شێرکۆبێکەس،چاپی یەکەم ،چاپخانەی کارۆ،سلێمانی
٢٤-سدیق،ئارام ،٢٠١٧،زمان وشیعریەت،چاپی یەکەم،چاپخانەی ئەندێشە،سلێمانی.
٢٥-خەیات،ئازادتۆفیق،٢٠١٧،(نالی-دانتێ)وێکچونێکی فرەڕەهەند،چاپی یەکەم،چاپخانەی ئنستیتیوتی کەلەپوری کوردی،سلێمانی.
٢٦-علی کەلاری،حسێن محمود،٢٠١٨،سیمایی نوێگەرایی شیعر لەقوتابخانەی بابان بەنمونەی شیعری،چاپی یەکەم،چاپخانەی ئاسیا ،سلێمانی.
٢٧-مەحموود زادە، دکتۆر ڕەهبەر،١٣٩٩،ئافاقی شیعری نالی،چاپی یەکەم، چاپخانەی مادیار، سنە.

نامەی ئەکادیمی
٢٨-محمەد،پێشکەوت مەجید،٢٠٢٢،خواستی زمانی لەزمانی کوردیدا(ژەهری زمانی)بەنموونە،تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی،کۆلێژی زمان.
٢٩- کەسنەزانی،بوشرا/ بەرزنجی،د.سەباح،٢٠٢٤، فەرهەنگی پیران،چاپی دووەم ،چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

کتێبە فارسییەکان:

٣٠- معین،دکتر محمد،١٣٨١، فرهنگ فارسی معین،انتشارات آدنا، تهران.

٣١-انوری،دکتر حسن، ١٣٨٣،فرهنگ کنایات سخن، انتشارات سخن،تهران.

**گۆڤارەکان:**


٣٢-مەحوی، د.محمد،٢٠٠٧، 'نالی' لەنیوان لێکدانەوەی وێژەوانی ولێکۆڵینەوەی ئەتیمۆلۆژییدا،گۆڤار زانکۆی سلێمانی، بەشیB

٣٣-کریم، ئازاد عبدالواحد/عمر،مهدی فاتح، ٢٠٠٨،زمانی شیعری لەنێوان ئەزموونی شیعر و ئیستاتیکای داقدا(نالی وەکو نموونە)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،بەشیB

٣٤-عمر،تەلار صباح/صابر،شادان شکر، ٢٠١٧،(ڕۆڵ وکاریگەری ڕاگەیاندن لەسەر فەرهەنگی زمان) ،گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە٤٢.

٣٥- سیوەیلی،ڕێبوار،٢٠١٨،کورد وسەرسامی بەمۆدێرنیتە(فەرمان ڕەوای بابان)بەنموونە، گۆڤاری ئەکادیمیایی کوردی،ژمارە٤٠،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر.

٣٦-عبداللە ،مهاباد کامیل، ٢٠١٨، دیالێکت وزەنگینی فەرهەنگ،گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین،ساڵی پێنجەم، ژمارە١٥،

٣٧-طاهر،شهاب طیب، ٢٠١٩، بنەما نوێیەکانی فەرهەنگنوسی کوردی (فەرهەنگی کوردستان)و (قاموسی زمانی کوردی)بەنموونە،،گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە٦

٣٨-قادر،پ.ی.د.عادل ڕشید/ تاتانی،پ.د.محمدعبداللە، ٢٠٢٣،زمان و شێوازی شێعری دلدار لەنێوان نالی و حاجی قادری کۆی دا،مجلة جامعةکرکوک-للدراساتالإنسانية،المجلد:١٨، العدد١ ،لسنة ٢٠٢٣.

به زمانی عەرەبی

٣٩-لحلواحی،صالح،٢٠١٨، الغةالعربية فى الجامعةالجزائرية بين التلوث اللغوى والرطانةولحن العامة مقاربةلسانية،مجلة جامعة القدس المفتوحةللبحوث الإنسانيةوالاجتماعية.الجزء الأول،العدد٤٣


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

List of sources:

The Holy Quran
Kurdish Books
1- Rasul, Dr. Ezadin Mustafa, 1971, Sarnje la Zamani Adebi Yekgirtuyi Kurdi, Sultan al-Azmi Printing House, Baghdad
2- Nali 1976, Diwani Nali, prepared by Mala Abdulkarim Muderis and Fatih Mala Karim.
3- Sharaza, Karim, 1984, Nali and the language of unified Kurdish literature, Al-Adib Publishing Company, Baghdad
4- Mutabchi, Dr. Ramin Ali, 1985, Nali's Language, Journal of the Iraqi Information Society, Volume 13, Iraqi Information Society Printing House, Baghdad
5- Haji Marf, Dr. Awrahman, 1987, Kurdish Dictionary Writing, Al-Zaman Printing House, Baghdad.
6- Sharafkandi, Abdul Rahman, 1980 (1990), Hambana Borina, Sarush, Tehran
7- Mukriani, Giwi, 1999, Kurdistan Dictionary, First Edition, Aras Printing House, Erbil.
8- Bekas, Sherko, 2004, Rangdan, Sulaimani.
9- Jabar, Aso, 2005, Closed Society, Second Edition, Chawarchra Printing House, Sulaimani.
10- Karim, Rzgar, 2005, Farhangi Darya (Arabic-Kurdish), Volume 2, Sima Printing House, Sulaimani.
11- Suzani, Salih, 2006, Nali and New Readings of the Times, First Edition, El Beg Jaf Intellectual Center, Sulaimani.
12- Abdullah, Rojan Nuri, 2007, Dictionary of Kurdish Language and Terminology, First Edition, Chawarchra Printing House, Sulaimani.
13- Khaznadar, Dr. Marf, 2008, Nali Dictionary, Haji Hashim Printing House, Erbil.
14- Khaznadar, Dr. Marf, 2008, Diwani Nali, Erbil.
15- Arif, Mohammed Nuri, 2009, Dictionary of Poets (Nali, Salim, Kurdish), Second Edition, Aras, Erbil.
16- Mahmood, Dr. Azad Ahmad, 2009, Building Language in Contemporary Kurdish Poetry, 1985-2005, Erbil. 17- Hussein, Rezna Marouf, 2010, The Role of Social Dialects in Enriching Kurdish Culture, Master's Thesis, Salahaddin University, Erbil.
18- Fatah, Mohammed Marouf, 2010, Linguistic Research, First Edition, Rojhelat Printing House, Erbil.
19- Amin, Nusrewan Mustafa, 2012, Badam Regawa Gulchnin, Book 1, Al-Dar al-Arabiya al-Ulum Printing House, Beirut, Lebanon.

20- Hamad, Shirwan Hussein. 2014, The ability of morphemes in enriching dictionary and performing syntactic functions (comparison of Persian and Kurdish, PhD thesis, Sulaimani University, School of Language
21- Mohammed, Bzhuen Yahya, 2016, Cultural Performance in Kurdish Language, Master's Thesis, Sulaimani University, College of Language.
22- Khoshnaw, Nariman Abdullah, 2016, Practical Linguistics, First Edition, Awer Printing House, Erbil.
23- Rauf, Dr. Luqman, 2016, Sherkobekas Poetry Identity, First Edition, Karo Printing House, Sulaimani
24- Sadiq, Aram, 2017, Language and Poetry, First Edition, Andisha Printing House, Sulaimani.
25- Khayat, Azad Tofiq, 2017, (Nali-Dante) and a multidimensional similarity, first edition, Kurdish Culture Institute Printing House, Sulaimani.
26- Ali Kalari, Hussein Mahmoud, 2018, The face of modernity of poetry in the school of Baban as an example of poetry, first edition, Asia Printing House, Sulaimani.
27- Mahmoodzadeh, Dr. Rahbar, 2010, Afaqi Shi'ri Nali, 1st edition, Madyar Printing House, Sanandaj.
Academic Letters
28- Mohammed, Peshkawt Majid, 2022, Language Demand in Kurdish Language (Language Poison) as an Example, Doctoral Thesis, Sulaimani University, College of Language.
29- Kesnazani, Bushra/ Barzanji, Dr. Sabah, 2024, Farhangi Piran, Second Edition, Sardam Printing House, Sulaimani.
Persian books:
30- Moein, Dr. Mohammad, 2002, Moein Persian Dictionary, Adna Publishing House, Tehran.
31- Anwari, Dr. Hassan, 2004, Dictionary of Sakhn Illustrations, Sakhn Publishing House, Tehran.
Magazines:
32- Mahvi, Dr. Mohammed, 2007, 'Nali' between literary interpretation and etymological research, Sulaimani University Journal, Part B
33- Karim, Azad Abdulwahid/Omar, Mahdi Fatih, 2008, Poetic Language Between Poetry Experience and Daq Aesthetics (Nali as an Example), Sulaimani University Journal, Part B

34- Omar, Talar Sabah/Saber, Shadan Shukr, 2017, (Role and Impact of Media on Language Culture), Koya University Journal, No.

35- Siwayli, Rebwar, 2018, Kurds and fascination with modernity (Farman Raway Baban) for example, Kurdish Academic Journal, No. 40, Salahaddin University Printing House, Erbil.
36- Abdullah, Mahabad Kamil, 2018, Dialect and Richness of Culture, Journal of Raperin University, Year 5, No. 15,
37- Tahir, Shahab Tayeb, 2019, New principles of Kurdish dictionary (Kurdistan dictionary) and (Kurdish dictionary) for example, Raperin University Journal, No
38- Qadir, Prof. Adel Rashid / Tatani, Prof. Mohammed Abdullah, 2023, Language and style of love poetry between Nali and Haji Qadir Koy, Kirkuk University Journal of Humanities, Volume: 18, Issue 1, Year in Arabic
39- Lahalwahi, Saleh, 2018, Al-Ghaal-Arabiya fi Al-Jazeera University Between Linguistic Distribution and Rattan and General Sound Comparable to Al-Sania, Journal of Jerusalem University Open Research Humanitarian and Social. Part I, Number